## دیدار و کۆبوونەوەیەك لەنێوان

## ڕێبەرایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا



سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ٢٧٠٤ی کوردی، ٨ی ئاوریلی ٢٠٠٤، وەفدێکی ڕێبەرایەتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتی، سەردانی بنکەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایان هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی بە گەرمی پێشوازی کرا.

لە کۆبوونەوە و قسەوباسێکی ٤ سەعاتەدا بابەتەکانیپێوەندیی دۆستانە و دوولایەنە؛ زەرورەتی هاوکاری و پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانی و گیروگرفت و ئاستەنگییەکانی سەر ڕێی و بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە کەوتنە بەر باس و وتووێژ.

سەبارەت بە پێوەندیی دولایەنەی نێوانیان، هەر دولا بۆ هەبوونی پێوەندیی دۆستانە و چاوپێکەوتنی ناوبەناو و هاوکاری لە بوارە جیاجیاکاندا ئارەزویان دەربڕییەوە.

لەمەڕ پرسی هاوکاریی هێزەسیاسییەکان، وەفدی RUK وێڕای دەسنیشانکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی هەڵوێستی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەدا، باسی لەو دوو پێشنیارە کرد کە کۆمیتەی ناوەندیی بە نووسراوە، ئاراستەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کردوە کە پێشنیار دەکا:

١"– هەرچی زووتر دەورێکی دیکە لە چالاکیی و وتووێژ لەنێوان ئەو هێزە سیاسیانەی گرینگی بە پێکهێنانی ئیئتلاف یان بەرەیەکی کوردستانی دەدەن، دەست پێبکاتەوە...

٢- بۆ ئـەوەی زنجیرەیـەك هاوكـاریی مـومكین و هەنووكـەیی نەبەسـترێتەوە بـە پێكهینـانی ئـەو چوارچـێوە كوردستانیە، هەر ٣ لایەن لەبۆنە سیاسیەكاندا و لە مەسەلە گرینگەكانی كوردستاندا، هەڵوێستیان یەكخەن و بە راگەیەندراوی هاوبەش بیروڕای گشتی كوردستانی لێ ئاگادار بكەن."

لـە بەرامبـەردا، وەڤدی كۆمەڵـە تێڕوانین و باری سـەرنجی خۆیـانی لـە بارەی مەسـەلەی هاوكـاری و بـەرەی كوردسـتانی دەربـڕی و باسـی لـەو گەلاڵـە و چـالاكیانە كـرد كـە لـەو پێنـاوەدا داویانـە و جیاوازییـەكانی هەولوێسـتی خۆیـانی لەگـەڵ لایەنـەكانی دیكـەدا روونكـردەوە و رایگەیانـد كـە بـە نووسـراوە وەڵامـی پێشنیارەكانی كۆمیتەی ناوەندیی RUK دەدەنەوە.

دیـدار و كۆبونـەوەی نێـوان رێبەرایـەتی یـەكێتی شۆڕشـگێڕانی كوردسـتان و كۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران لە كەش و هەوایەكی دۆستانەدا كۆتایی پێهات.

٢١ی خاكەلێوەی ٢٧٠٤

١٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤

www.RUK2691.org
ruk2691@hotmail.com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org